# چۆن و کەی مامۆستا جەمال- م ناسی..؟

بەباشم زانی یادەوەرییەکانم لەگەڵ شەهیدی سەرکردە مامۆستا جەمال تاهیر لەم چەند خاڵەدا کورت بکەمەوە بەو هیوایەی بتوانم چەند دلۆپێ لەدەریای تێکۆشانی پڕشانازی مامۆستا جەمال بخەمە بەردەم دۆستانو دڵسۆزانی ڕێبازەکەی.

چۆنو کەی مامۆستا جەمال-م ناسی

لەناوەڕاستی شەستەکاندابوو کە مامۆستا جەمالم بەهۆی خزمەکانی‌یەوە ناسی، ئەوکات ناوبراو تێکۆشەرێکی ریزەکانی باڵی ( م.س ) بوو پاشانیش چەند جارێکیتر بەهەمان هۆکارەوە لەگەل مامۆستا جەمال یەکترمان بینی، بەوپێیە بەرە بەرە برادەریو یەکتر ناسینەکەمان زیادی کرد، تاگەیشتە ئەوەی باسو خواسی سیاسی لەمەر ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانیەکانی ئەوسەردەمە دەبووە هەوێنی باسەکانمان، بەوشێوەیە لەگەل مامۆستا جەمال بووینە برادەری نزیکو جێگەی متمانەی یەکدی.

سەرهەڵدانو دەستپێکردنی کاری ڕێکخراوەییم لەگەڵ مامۆستا جەمال دا:

سەرەتای هەفتاکان بوو باڕوونتر بڵێم ساڵی 1973بوو کە مامۆستا جەمال نهێنی بوونی ڕێکخراوێکی نوێی بەناوی کۆمەڵەی (م.ل)ەوە لادرکاندم، هەروەها ئەوەشی پێ ڕاگەیاندم کەخۆشی ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوەیە وکاریان لەگەل دەکا. پاش چەند جارێك باسکردنی ئەو مەسەلەیە داوای لێکردم ئەگەر پێم باشە لەگەڵ کۆمەڵە کار بکەم. بەوپێیە پەیوەندی کاری ڕێکخراوەییمان دەستی پێکرد. پەیوەندییەکانمان بە بەردەوامی مایەوە تا ساڵی 1974 کە هەموو سلێمانیمان بەجێهێشتو چوینە ریزی (هـ. پ)ی ئەوکاتەوە.

لەناوەڕاستی هەمان ساڵدا لە گوندی تەوێڵە لەگەڵ مامۆستا جەمال یەکمان گرتەوە، دەستمان بەکاروباری کۆمەڵە کردەوە. لەیادمە لەوێ داوای لێکردم کە لەریزەکانی ڕێکخراوی تەوێڵەدا کار بکەم. تا لەورێگایەوە بتوانم باشتر لەخەڵکی نزیك ببمەوە، پاش ماوەیەك ڕێکخراوی تەوێڵە ڕێکخراوێکیان بەناوی (ڕێکخراوی لادان)وە دانا داوای لێکردم لەریزەکانی لاوانیشدا پەیوەندی بکەم.

پاراستنی نهێنی.

مامۆستا جەمال نهێنی‌یەکانی ڕێکخستنو هاوڕێیانی گەلێ دەپاراستو بەلایەوە گرنگ بوو، لەیادمە لەساڵی 75-76دا ڕۆژێك هاتەلام وتی( برادەرێکی نزیکی خۆت کەنازانی تۆ پەیوەندیت بەکۆمەڵەوە هەیە) ماوەیەکە زۆرم لێدەکا کە پەیوەندی لەگەڵ تۆ دروست بکاتو منیش نەپێم وتوە پەیوەندی هەیە نە ڕێگاشم داوە بێتەلات، ئێستا ئەو برادەرە چەند کەسێکی ڕێکخستووە پێم باشەپەیوەندییان لەگەڵ بکەی، جا برادەرەکە دێتەلات لەو بارەیەوە قسەت لەگەڵ دەکات تۆش وەك ئەندامێکی نوێ پەیوەندی لەگەڵ بکەو با لەبەشەکەی خۆیدا ڕێکت بخا بەڵێ برادەرەکە هاتەلام پەیوەندی نوێی بۆکردم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەو بەشەدا کارم کرد، هەروا بەهەمان شێوە لەهەمان ساڵدا جارێك کاك فوئاد ناسراو بە( فوئادە ڕەش)ی هێنایە ماڵی ئێمە کەبڕیاری گرتنی لەسەر بوو بەڵام لای ناوبراو وای دەرخستبوو کە تەنها برادەری ئەوم واتە برادەری (مامۆستا جەمال)م هیچ پەیوەندییەکم بە کۆمەڵەوە نییە، پاش ماوەیەك هاوڕێ مەلا بەختیاریشی هێنایە ماڵی ئێمە، چەندین هاوڕێی وەك شەهید مامۆستا عزیز مامۆستا ئەنوەر .....هتد هێناوەتە لای من بەڕێ کراون بەهەمان شێوە دیارە خۆشم ئەو کارەم لاباش بوو وپێشتریش پێکەوە باسمان لێ کردبوو مامۆستا جەمال بەو شێوەیە نهێنیەکانی ڕێکخستنو هاوڕێیانی کۆمەڵەی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

دەپاراست پێی باش بوو کەمترین ژمارە یەکتری بناسن تا رێکخراوەکە لەلێدان پارێزراوبێ. کە ئەویش جۆرێکی تری دڵسۆزی شەهید جەمال بوو بۆ کۆمەڵەو هاورێیانی.

تواناو لێهاتووی مامۆستا جمال لە رابەرایەتی کردنی ریکخستندا.

مامۆستا جەمال توانایەکی تەواوی لە رابەرایەتی کردنو سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکاندا هەبوو رۆڵی گرنگی لەو بوارەدا دەبینی لەیادمە کە کارەساتی هەکاری رووی‌دا (ھ .پ . ك)و توشی ئەو شکستە گەورەیە بوون جەماوەرانی خەڵك تەنانەت هەندێ هاورێیانو هەڤاڵانی رێکخستنەکان. خەریك بوون توشی بێ هیوایی و وورە بەردان دەبون، لەوکاتە ناسکەدا مامۆستا جەمال بەپەلە وەك سەرکردەیەکی بەتوانا کەوتە خۆ کەوتە جۆش دانەوەی ریزەکانی رێکخستن، کەوتە نوسینی بڵاوکراوەی کورتو هاندەرو شیکردنەوەی کارەساتو بەسەرهاتەکە دەتوانم بڵێم ئێمە بۆ ئەو مەبەستە رۆژانە لەوکاتانەدا یەکتریمان دەدی بڵاوکراوەکانی بۆ رێکخستنەکان دەنارد پەیوەندیمان بەردەوام لەگەڵ برادەران دەکرد. هەر نوسراوێ هەواڵێکمان لە هاورێیانی دەرەوە دەست دەکەوت دەست بەجێ دەبوو بیگەیەنین فێری ئەوەی کردین چۆن لەکاتی شکانو نوچداندا هاورێیانو ریزەکانی رێکخستن جۆشو ساز بدەینەوە لەیادمە هەر نوسراوێك لەبرادەرانی دەرەوە بهاتایە یاهەر مەسەلەیەك لە رووداوەکەی هەکاری دەبیسرا مامۆستا جەمال بەپەلە دەیکردە سەرباسو ناوەرۆکی نوسراوێك دەگەیەنرایە دەستی هاورێیانو دۆستانی کۆمەڵە. بەوپێیە جموجوڵێکی گەلێ کاریگەری لەو بارودۆخە ناسکەدا لەریزەکاندا دروست کردەوە. هەر لەهەمان کاتدا ئاگاداری دەکردین تا دەتوانین پەیوەندی بەو (پ .م)و خەڵکانەوە بکەین کەسەرئەنجامی ئەوکارەساتە هاتونەتەوە شارەکان پێویستیەکانیان بەپێی توانا بۆ جێبەجێ بکرێو بۆ ریزەکانی ( ھ .پ .ك) بەری بکرێنەوە.

لەساڵی 1978دا کەمێك پەیوەندی شارەکان بە برادەرانی دەرەوە لاواز بووبوو هاورێ سەرکەوت هاتەلامو وتی دەمەوی بچیتە خرێ ناوزەنگو هاورێیانی ناوەندی ببینی لەنزیکەوە مەسەلەکانیانلەگەڵدا باسبکەیت گەر بکرێ لەورێیە هەوڵی دۆزینەوەیرێگایەکی باش بۆ پەیوەندیەکان بدەی داواکەم جێبەجێ کردو چومە ناو زەنگ. لەوێ هاورێ مەلا بەختیارو هاورێ سالارو چەند هاورێیەکی ترم بینی. چەند رۆژێك بەنهێنی لەوی مامەوە گەلێ لایەن روون کرایەوە تیشك خرایە سەر زۆر لایەنو گەلێ نامەم بۆ رێکخستنو هاورێیان هێنا مەسەلەکان بەراستەوخۆیی بەریزەکانی رێکخستن گەیشتن. بەوپێیە هاورێ سەرکەوت رۆڵی سەرکردایەتیو رابەرایەتی خۆی دیاری دەکرد.

پشتبەستنی مامۆستا جەمال بەهێزی کۆمەلانی خەڵك.

شەهید جەمال یەکێبوو لەو هاورێیانەی باوەرێکی تەواوی بەهێزی جەماوەرانی خەڵك هەبوو لەخەباتی رۆژانەی خۆیدا حسابی بۆ ئەو لایەنە دەکرد. لەساڵی 1979دا بوو کەرژێمی عێراقی بریاری روخاندنی هەندێ خانووبەرەی بێئیجازەیدا لەگەرەکی ووڵوبە شەهید جەمال هاتەلام وتی باءەو مەسەلەیە بقۆزینەوە لەدژی رژێم بەکاری بهێنینەوە بۆ ئەو مەبەستە بەهۆی هەندی هاورێیانودڵسۆزانەوە بەهەندێ نوسراو. وپەیوەندی کرا بەخەڵکی گەرەکەکەوە هاندران کەدژی ئەو بریارە بوەستن. ئەوەی لەیادمە دانیشتوانی ئەو گەرەکە بەرگرییەکی باشیان لەدژی بریارەکەی رژێم کرد. تا رادەیەکی باشیش ئەو بەرگرییە بریارەکەی پەك خست. مامۆستا جەمال ئەو کارەی بەکارێکی ئیجابی بۆ رێکخستنو شۆرشی نوێ دیاری کرد. وتی دیارە رێکخستنو شۆرشی نوی قورسایی خۆیان لەنێو کۆمەلانی خەڵکدا پەیداکردەوە جارێکی دیش کە رژێم بریاریدا پەرتووکە کوردیەکانی ( خوێندنی کوردی لەقوتابخانە ناوەندیو ئامادەیی پیشەییەکاندا بگەرێتەوە بۆ زمانی عەرەبی ، بەهەمان شێوە من یەکێ بووم

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

لەوانەی مامۆستا جەمال ئاگاداریکردم هەوڵی هاندانی خوێندکاران بدەین بۆ دژایەتی کردنو بەرپەرچدانەوەی ئەو بڕیارەی ڕژێم، لەڕێی هاوڕێیانی ڕێکخستنەکانەوە خوێندکاران ئاگادارکران کەخۆپیشاندان بکەن، ئەوە بوو بەشێکی باشی خوێندکاران بەرەنگارییەکی باشیان کرد ئەوەی کەمن لەیادمە خۆم بینیم خوێندکارانی ئامادەیی سلێمانی کوڕان لەقوتابخانەکەی خۆیانەوە بەرەو شەقامی مەولەوی چاونەترسانە هاتن، درێژەیان پێدا تا لەبەردەم (منظمەی بەعسی سلێمانی) بڵاوەیان پێکرا، لەو مەسەلانەدا شەهید جەمال رۆڵی گرنگو داهێنەرانەی هەبوو.

رۆڵی شەهید جەمال لەکۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوخۆدا

هەر لەساڵی 1979و لەیەکەم دامەزراندنی کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوخۆوەو مامۆستا سەرکەوت وەك لێپرسراوی کۆمیتەکە دیاریکرا.

لەم رووەوە ئەوەی لەیادمە ساڵی 1979 بوو مامۆستا جەمال نامەیەکی بۆ هێنام کەلەناوەندی کۆمەڵەوە هاتبوو لەیادمە خەتی هاوڕێ مەلا بەختیار بوو نامەکە دەربارەی دروستکردنی کۆمیتەی ڕێکخستنی سەرکردایەتی ناوخۆ بوو ناو و ناونیشانی لێپرسراوی شارەکانی هەولێر+ کەرکوك دهۆکی تێدا بوو وتی نامەکە باش بخوێنەوە ڕێگاو شوێنی پەیوەندییەکان ڕێکبخە پێکەوە دەچین بۆ بینینیان، نامەکەی بەجێهێشت لەناوەکانی لەنامەکەدا هەبوون (حاجی عەباس مەمۆ) لەهەولێرو هاوڕێ کرێکار لەکەرکوك، پاش بەجێهێشتنی نامەکە بەچەند رۆژێ ئاگادار کرام مامۆستا جەمال لەلایەن ڕژێمەوە گیراوە.. لەبەرئەوەی کاتو شوێنی نهێنی بۆ پەیوەندییەکان دیاریکرابوو ناچار لەکاتە دیاریکراوەکاندا خۆم چووم پەیوەندیم بەحاجی مەمۆ لەهەولێرەوە کردو لەکەرکوك بە ئەحمەد کرێکار لە دهۆك بە (—) هەر بەردەوام بووم لەپەیوەندییەکان تا مامۆستا جەمال، خۆشبەختانە لەلێبووردنی گشتیدا هەمان ساڵ ئازادکرا، کەچوومە لای لەپێش هەموو شتێ پەرۆشی نامەکەو پەیوەندییەکان بوو کەدڵنیا بوو پەیوەندییەکان جێبەجێکراون وتی دلێر باوەڕبکە هەموو ئازارو ئەشکەنجەکانی زیندانم لەگیان دەرچوو، شەهید جەمال بەو شێوەیە پەرۆشی دروستکردنی سەرخستنی ئەو کۆمیتەیە بوو، پاش ماوەیەك مامۆستا جەمال لێپرسراوی کۆمیتەکەی گرتەوە ئەستۆو کەوتەوە چالاکی کردنی ئاسایی خۆی، تا ساڵی 1981کەجارێکیتر دەست گیرکرایەوە.

خۆڕاگری شەهید جەمال لەزیندانەکانی ڕژێمدا.

لەهەردوو جاری گرتنەکەیدا بەتایبەت جاری دووەم لە 1981دا شەهید جەمال بۆی گێڕامەوە کەچەند دڕندانە ئازارو ئەشکەنجەیان داوە یەکێ لەجۆرەکانی ئەشکەنجەکانی ئەوەبوو یەك ئەمنیان بەبەردەوامی بەدیارەوە دادەنا کەرێگای نووستن پشوودانی لێ بگرێ هەردوو دەستیان بەبەرزی بەکۆڵەکەیەکەوە دەبەست بەپێوە رایاندەگرت هەر هیلاك بوایە یاخەوی لێ بکەوتایە دەستی شل دەبوو پشتی سەری بەکۆڵەکە ئاسنەکەی دەداو هەم ئازاری دەداو هەم بەخەبەری دەهێنا، دیارە هەروەك کاری زیندانەکانی بەعس بەهیوای ئەوەبوون مامۆستا سەرکەوت بروخێو نهێنییەکانی ڕێکخستنو هاوڕێیان بدا بەدەستەوە بەڵام بەپێچەوانەی خەونو خەیاڵانەکانی جەندرمەکانی بەعسەوە مامۆستا سەرکەوت بەئازارو ئەشکەنجەی لەشو بەگیانی خۆی دەیان هاوڕێی وەك منی پاراستو کەچی پاش ئەوەی لەسەر ئەنجامی مانگرتنو خۆپیشاندانە قارەمانانەکانی جەماوەرانی خەڵکی کوردستان شەهید جەمال ئازاد کرا، چوومە لای خەڵکی تریشی لابوو لەیادمە بەناوی بەخێرهاتنەوە باوەشی پێیاکردمو چرپاندنی بەگوێمداو وتی (دەزانی من قەرزاری ئێوەو هاوڕێیانی ڕێکخستنو ه.پو خەڵکی قارەمانی کوردستانم کەئەم جارەش لەمردن رزگارتان کردم) ئەوە گەورەیی ئەو کەڵەپیاوە بوو، هەر بەهەمان بۆنەوە بۆ زیاتر

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

سەلماندنی گەورەیی مامۆستا جەمال حەزم کرد بەشێ لەنوسراوێکی(کاک نەوشیروان) ئیشارەی پێبدەم کەدەربارەی خۆپیشاندانەکانی هاوڕێ سەرکەوت بۆی نووسیبوم.

**برا گیان کاکە سەلیم**

**سڵاوێکی گەرم**

**هیوام خۆشیو بەختیاریتانە بەپەرۆشەوە هەواڵی ساغیو سەرکەوتنتان دەپرسم نامەکەی ئەم دواییەم پێگەیشت، ئەوانی پێشووتریش هەر گەیشتبوون، بەڵام زۆر دواکەوتبوون، وا بزانم کاتی یەکتری بینینمان زۆر نزیك بۆتەوە، لەبەرئەوە پێویست بەدرێژە پێدان ناکات.**

**بەراستی جێگەی خۆشحاڵییە کەخەباتی خەڵکی شارو ئۆردوگاکان ڕێکخراو زیندانیەکان بەربوونو دوژمن خەریکە مل ئەدا بۆ زۆربەی داواکان، بەم بۆنەیەوە ئەمەوێ ڕێزو تقدیری بێ ئەندازەیی خۆمو هەموو هاوڕێیانو پێشمەرگەکان دەربیڕم سەبارەت بەدەوری ئێوە لەهاندانو سازدانو رابەریکردنی خەباتی خەڵکی شارەکاندا، کەلەراستیدا تەجروبەیەکی تازەبوو لەشێوەکانی کارکردنی سیاسیدا و بەسەرکەوتوویی گەیشتە ئەنجامی خۆی.**

**ڕەنگە ڕێکخراوەکانی خۆمانو گەلەکەمان کەڵکێکی زۆری لەبەربوونی گیراوەکانی کردبێ، بەربوونی کاکە سەرکەوت خۆی لەخۆیا مژدەیەکی خۆشو سەرکەوتنێکی زلە، نامەیەکم بۆ نووسیوە کەبەزوترین کات بێتەدەرەوە، تکام وایە ئێوەش هانیبدەن.**

چۆنو کەی بۆ دواجار شەهید جەمالم بەجێهێشت؟

ساڵی 83بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی چووبوونە ناوچەکانی بالیسانو زنان، لەو ماوەیەدا بەئیشوکاری ڕێکخستن لەسەر داوای برادەران چەند جارێك چوومە ناوچەکە، برادەرانم دەبینی لەوانە یەکێکیان مامۆستا جەمال تاهیر بوو، لەیادمە ڕۆژێك پێش شەهیدبوونی لەبالیسان چوومە لای کە گەڕامەوە داوای لێکردم کەرۆژی دوایی بچمەوە. وتی چونکە کارەکان تەواو نەبووەو وتی کەهاتیتەوە هەندێ گۆشتی مەڕی جوان لەگەڵ خۆت بهێنە دەیبرژێنین ڕۆژی دوایی لەگەڵ کاك حەمەنوری بەئۆتومبێلەکەی ئەو هەندێ گۆشتم هێناو بەرەو بالیسان کەوتینە ڕێ، بەگەیشتمان بەناوچەکەو بارەگای سەرکردایەتی ناخۆشترین هەواڵم لەژیانمدا وەرگرت کەپێیان وتم مامۆستا جەمال شەهید بووە، بەرەو لای گۆڕەکەی بردیانم کەهەموو برادەرانی سەرکردایەتی یەکێتی لەوێ بوون تەرمەکەیان دەناشت پێم وایە تائێستاش ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم ئەو ڕۆژە بوو کەمامۆستا جەمال تاهیری تێدا شەهید بوو، من لەلای خۆمەوە هەتا هەتایە گەورەییو مەزنی مامۆستا جەمالم لەیاد ناچێ هەتا هەتاشە خۆم بەقەرزاری شەهید جەمال دەزانم کەبەگیانی خۆی لەزیندانەکانی بەعسدا گیانی منو دەیان هاوڕێی کۆمەڵەی پاراست.

ئەوە چەپکێ لەیادەوەرییەکانم بوو لەگەڵ شەهید جەمال.. دیارە چەند لەسەر شەهید جەمال بنووسم تەواو نابێو ناتوانم هەقی تەواو بەتێکۆشانی پڕ لەشانازی ئەو کەڵە شەهیدە بدەم..

دلێر ئەحمەد شوکری

هاوڕێ (سەلیم)

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com